

پێشانگەی کاروان

ئازا حەسیب قەرەداخی

# پێشانگەکەی منالانی سلێمانی



## چەند سەرنجێکی گشتی لەبارەی هونەری منالەوە

یەکێك لە سەرچاوە هەرە سەرەکی یەکانی هونەر (یاری) یە،ئەمەش بە تەواوی لە هونەری منالدا دەردەکەوێت ، بەلام پێویستە ڕاستەوخۆ ئەوەش دەستنیشان بکەین کە هەر بەو چەشنەی لە هونەری کە لە هونەرمەندەکاندا یاری یەکە یاری یەکی بێ هودە نی یەو بێ مەبەست نی یە ، لەلای منالیش بە هەمان چەشنە ، ئەوەش لەبەر ئەوەی هونەر وەك هەر چالاکی یەکی تری مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە پەیوەستی دوو هۆکاری گرنگەو ، لە ئەنجامەکانیانە ، ئەوانیش :

**١ – هونەر پەیوەستی (کار) ەو ، کوڕی ڕاستەقینەی ئەوە .**

**٢ – هونەر پەیوەستی چەندێتی و چۆنێتی (بیرۆکە) کانی مرۆڤە ، سەبارەت بە جیهانی مەوزوعی و ، دیاردەو ڕووداوە دەرەکی و ناوەکی یەکانی خۆی .**

ئەم دوو هۆکارەش هەر یەك لەگەڵ ئەوی تر داو ، هەر دووکیشیان لەگەڵ هونەردا پەیوەندی یەکی ئاڵۆ گۆڕی کارلێك کردنیان هەیە ، جا لەلای باوان ئەم پەیوەندی و پەیوەستی یە زۆر ئاشکراو یەکلابووەوەیە ، بەلام سەبارەت بەمناڵ مەسەلەکە تەختێك ئاڵۆزەو ، لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆوە کارلەیەك کردنەکە دەردەکەوێت ، بەتایبەتی هۆکاری یەکەم کە (کار)ە ، چونکە منال ڕاستەوخۆ کارێکی بەرهەم هێنەر نانوێنێ لەژیانی دا ، بەڵکو یاری دەکات ، خۆ ئەگەر تەنها لە تەرزی یاری کردنی منالەکەوە بڕوانینە مەسەلەکە ، ئەوە وا دەردەکەوێت کە هەموو یاری و چالاکی و تەنانەت وێنەکێشانەکانیشیان بریتی یێت لە خۆخلەفاندن و کات بردنەسەر ، بەلام ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی ترەوە تێی بفکرین ، ئەو ڕاستی یەمان بۆ یەکلا دەبێتەوە ، کە منال گەرچی کارێکی بەرهەم هێنەر ناکات بەلام لەیاری یەکانیدا (لاسایی) کارێکی بەو چەشنە دەکەنەوە کەهی باوانیانەو ، لەبەر ئەوەش کە هونەری باوان پەیوەستی ئەو کارە بەرهەمهێنەرو پڕ مەبەستە ، کەواتە ئەو یاری یانەش بێ هودە نین ، بەڵکو دەتوانین ئەمەیان بە کورەزای کار دابنێین ، هەر لە ڕێگەی ئەو یاری یانەشەوەیە ، کە منال فێری کار دەبێت و زانیاری یەکانی زیاد دەکات و ، بیرۆکەکانی پەرە دەسێنێ و ، ژیان و کۆمەڵ لەلایان ڕوون و بەرجەستە دەبن ، جا بۆ ئەوەی منالێکی چست و چالاك و وریامان هەبێت ، زۆر پێویستە کە ڕێگەیان بۆ خۆش بکەین و ، پێویستی یەکانی یاری کردنیان بۆ مسۆگەر بکەین و ، هانیان بدەین بۆ بەردەوامی و پەرەپێدانی ئەو





نەیان ، لەوانەش یاری کردنیان بە قەڵەمو ڕەنگەو کاغەز ، کە لە ئەنجامدا بەرهەمی ئەو یاری‌یە
ێکە تایبەت بە خۆیانو ، گوزارش لەتواناو چۆنێتی بیرکردنەوەو ، تێڕوانینیان دەکات .
ەبارەت بە هۆکاری دووەمیش ، ئەوە هیچ نکوڵیمان لەوە ڤی‌یە کە (بیر) بەرهەمی کارەو ، بە
ە گەلاڵە دەبێتو پەرە دەسێنێو ، لە هەمان کاتدا پەرە بە چەندێتیو چۆنێتی (کارو کەرەستەکانی
ش دەدات ، لەو ڕاستی‌یە زانستی‌یەشەوە کە (مێشك) مەڵبەندە مادی‌یەکەی (بیر) و هەموو
ی‌و جوڵەو کردارێکی مرۆڤەو ، لەبەر ئەوەی هونەریش جۆرێکە لەو چالاکی‌یانە ، بۆیە کە لە
ی هونەری منالْ دەدوێین ، دەبێت ئاگامان لە توانای (مێشك)ی منالْ بێت ، ئەم توانایەش لەم
ڕنگانەدا دەست نیشان دەکرێت :
الْ خاوەن مێشکێکە کە بەشە حسی‌یەکەی زاڵەو ، ئەوێلەیلو توێکڵەدەماغی زۆر چالاك نین ، کە
انەش بەر پرسیارن لە چالاکی زمانو بیر ، ئەم کەم چالاکی‌یەش ، کە تا حەوت ساڵانیش
ێت ، دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئاکە ووشە زمانەوانیەکانی کە بەهۆی تێکەڵ بوونی کۆمەڵەوە پەرە
.
الْ خاوەن ئیشکۆکەی خرۆشاندنو کارتێ کردن (بۆر إثارة)ی تایبەتی خۆیەتی ، کە پەیوەندی
خۆی بە پێداویستی‌یەکانی‌یەوە هەیە .
الْ خاوەن پەرچە کرداری بەمەرجی (منعکس شرطي)ی تایبەتی خۆیەتی بەرامبەر کارتێکەرە
ی‌یەکان
الْ لەلایەکەوە پەیوەندی‌یەکی ساکارو تایبەتی لە نێوان مێشكو ئەندامەهەستیارەکانی داهەیە ، ئەو
ەی ئەوژمی کارتێکەرەکان دەگەیەنە مێشك . لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی‌یەکی تایبەتیو ساکار
مێشكو ماسولکەکانی لەشیدا هەیە ، لەوانە هی قۆڵو مەچەكو دەستو پەنجەی ، کە ئەمانە
پەرچەکردارەکانیان پێ دەگاتو ، لەشێوەی جوڵەدا گوزارشی لێ دەکەن .
نگە کۆمەڵایەتی‌یەکەی منالْ .
لەم حەقیقەتە زانستیانەوە دەبێت لەکارە هونەری‌یەکانی منالْ بکۆڵینەوەو ، ئەو سیفەتە
یانەی هونەرەکەیانی پێ دەناسرێتەوە ڕاڤە بکەین ؛ نەك وەك کەسانێ مامەڵەی قەبەو خەیاڵاوی
دا بکەین ، ئەو سیفەتەسەرکی‌یانەش ئەمانەن :

١ – موبالەغە : ئەم دیاردەیە لە سەرجەمی کارە هونەری‌یەکانی منالاْندا هەیە . جا چ بەگەورە کردن یا بە بچووك کردنەوەی سەرجەمی لەشی مرۆڤەکان ، یا ئەندامێکی لەشەکان ، تەنانەت لەبوونەوەرو شتەکانی تریش‌دا ، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەهای ئەو شتەوە هەیە لەلای منالەکەو . چەندێتی کارتێکردنی ئەو شتە بۆ سەر منالەکە . بۆ نموونە کە مناڵێك وێنەی دایکی دەکێشێت هێندە گەورەی دەکا کە جاری وایە لە خانوو چیاکانیش گەورەتر دەبێت . ئەمە چونکە دایك ئیشکۆکەیەکی ئێکجار گەورەی خرۆشاندنە لە مێشکی منالەکەدا . جگە لەوە پەیوەندی بە چەندێتی زانیاری ئەو منالەوە هەیە لەبارەی پەیوەندییە پێوانەیی‌یەکانی نێوان شتەکو ، کەسانی دەوروبەری‌یەوە .

٢ – ڕوونی «الشفافية» : مەبەستمان لەوەیە منالْ وێنەی شتەکان وەها دەکێشێت **وەك بڵێی هەمووی** شوشەنو وان لەناو شوشەشداو ، هیچ شتێك ڕێی بینینی شتێکی تر ناگرێت ، **(مەنجەڵێك هەموو** کفتەکانی ناوی دیارەو ، خانوویەك لە دیوی دەرەوە دروست کراوە ، لە هەمان کاتدا **هەموو شتەکانی ناو** خانووەکەش دیارە ، ئۆتۆمۆبێلێك هەر چوار ڕەوپیوەکەی دیارە ، تەنانەت **هەموو نەفەرەکانی** ناویشی ...) .

ئەم سیفەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە منالْ هێشتا تێڕوانینی بۆ شتەکان زۆر ساکارەو ، **دووری سێ‌یەم** جیا ناکاتەوەو تێکەڵ دوو دووری‌یەکەی تری دەکات .

٣ – کەمو کورتی : لە وێنەی منالاْندا هەمیشە ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبینەوە . کاتێك دەبینێ وێنەی مرۆڤێکی کێشاوە کەچی هەندێ لە ئەندامەکانی قرتاوە ، جا یا قژە ، یا لووت ، یا دەستو پەنجە ... ، ئەم دیاردەیەش خۆی بۆ خۆی حەقیقەتێکی زانستی فسیۆلۆژی لە دوایە ، کە ئەویش (چرکردنەوەیە – ترکیز)ە ، لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی بە بەهای ئەندامەکەو ، چەندێتی زانینی منالەکە لە بارەی ئەو ئەندامەوە هەیە .

٤ – بەتاڵی – بۆشایی – (الفراغ) : ئەم دیاردەیەش وەك ئەوەی پێشوو پەیوەندی بە چرکردنەوەوە هەیە .

٥ – شێوان : مەبەست لەوەیە کە وێنەی منالاْن پڕە لە هێڵی خوارو خێچو شێواوو پێوانەی ناوازە لە نێوان قەبارەو جێ‌ی ئەندامەکانی مرۆڤەکانداو ، شتو مەکەکانی تری ناوی .

ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە توانای گەیاندنی ئەوژمە کارتێکەرەکانەوە هەیە ، لە لایەن ئەندامە هەستیارەکانەوە بۆ مێشكو ، هەروەها توانای ماسولکەکان بۆ جێ‌بەجێ کردنی داواکاری‌یەکانی





مێشك و ، چەندێتی و چۆنێتی زانیاری یەکانی منالەکە ، لەبارەی پێوانەی قەبارەی ئەندامەکانو ، شوێن و جێگەیان لە لەشداو ، دووری یان لەیەکدی یەوە ، هەروەها سەبارەت بوونەوەرەکانی تری سروشتیش .

٦ – ڕەنگ : کەسانێ هەن دەڵێن گوایە منال دنیایەکی پڕ ڕەنگ و گوزارشێکی ئاڵ و واڵا ، بێهاوتا لە ژیان دەکەن ، بەڵام ئەمە هیچ ڕاستی یەکی زانستی تێدانی یە ، بەڵکو مەسەلەکە لەوەدایە کە منال هەرچی لەبەردەستدا هەبێت هەوڵ دەدات هەمووی بەکاربهێنێت لە یاری یەکانی دا ، تەنیا لەبەرئەوەی دەیەوێت بزانێت ئەم شتانە چین ، جا ئەگەر منالێك ژمارەیەکی زۆر ڕەنگی لەبەر دەستا هەبێت ئەوا وێنەیەك دەکێشێت کە زۆربەی ئەو ڕەنگانەی تێدابێت ، خۆ ئەگەر یەك دوو ڕەنگی لەبەر دەستا بێت ئەوا تەنیا ئەوان بەکاردەهێنێت ، واتە وێنەیەکی یەك ڕەنگی یا دوو ڕەنگی دەنەخشێنێ . کەواتە مەسەلەکە پەیوەندی بە چەندێتی کەرەستەکانی بەردەستی یەوە هەیە ، نەك بە دنیای پڕ ڕەنگ و ئاڵ و واڵای خەیاڵی منالەوە .

٧ – سەربەستی : ئەم سیفەتە هیچ پەیوەندی ی بەو قسەیەوە نی یە کە دەڵێن منال جیهانێکی سەربەستەو ، بە ئارەزوویەکی سەر بەستانەوە وێنەکەی دەکێشێت ، کە دەشڵێین وەهانی یە ، مەبەستمان لەوەیە ، ئەو ئەرزە سەربەستی یەی بە وێنەی منالەوە دەیبینین ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە منال هەر ئەوەندە دەزانێت ، نەك وەك ئەو کەسانە گوزارشی لێ دەکەن و دەڵێن ئەو هێڵانەی منال دەیکێشێت ، بەئەنقەستەو بەمەبەستێکی سەربەستی هەڵبژاردنەوە دروستی دەکات .

سەرجەم ئەو حەوت سیفەتە سەرەکی یەی باسمان لێوە کردن ، هیچیان پەیوەندی یان بە مەبەستێکی دیاری کراوو هەست پێکراوی منالەکەوە نی یەو ، لە ئەنقەست وەها ناکات ، وەیا لەمەبەستێکی ئیستاتیکی یەوە نی یە وێنەکان وەها دەکێشێت ، بەڵکو هەر هەموویان نیشانەی کەم زانین و کەم توانانی یە ، دەتوانین بشڵێین دیاردەیەکی خراپەو ، بەتایبەتیش ئەگەر منالەکە لەسەری بەردەوام بێت و ، هیچ گۆڕانێکی ئیجابی بەسەردا نەیەت ، سەلماندنی ئەوەش ، ئەو هەموو کەسانەیە کە پزیشك و





فەرمانبەری گەورە گەورەشن ، کەچی ئەلفوبێ ی وێنەکێشان نازانن و ناتوانن هێڵێکی ڕاست بکێشن ، تەنانەت ناوی زۆر لە ڕەنگەکانیش نازانن .

هەر بەهۆی ئەو حەقیقەتە ناوازانەشەوەیە ، کە بە پێویستی دەزانین منال لەژێر چاودێری مامۆستادا بێت و ڕێنومایی بکرێت ، لەبەر ئەوەش کە منال خاوەن ئەو مێشکە ساکارو ژیانە سەرەتایی یە بێ ئەزموونەیەو ، کەم دەرامەتە لە بیروکەو تاکەووشە زمانەوانی یەکاندا ، ئەوا ئەگەر وازی لێ هێنرا بەپێی ئەو توانایە هەڵسوکەوت بکات ، دڵنیاین لەوەی بەرهەمی کاڵ و کرچی دەبێت ، چەندیش لەسەر ئەو حاڵە بڕوات ، ئەوە ئەوەندەش دواکەوتوو دەبێت ، بۆیە هەردەم پێویستە فێر بکرێت .

بائەوەش لەیاد نەکەین ، کە فێرکردن ، بەزۆری زۆرداری نابێت ، بەڵکو پێویستە ووردو لەسەر خۆو بەلەزەت بێت ، جا چاکترین ڕێگەش (یاری) یە ، سەرەڕای ئەوەش ، پێویستە ئەو شتە نوێیانەی فێر دەکرێت ، پەیوەندی یەکی ڕاستەوخۆی بە تاکەووشەو زانیاری یەکانی پێشووی منالەکەوە هەبێت ، ئەگینا جۆرە داپچڕانێك لە لای منالەکە دروست دەبێت و ، ناتوانێت ئەم زانیاری یە نوێیانە بەکاربهێنێت و ، لە پەیوەندی یەکی بیروکەو زانیاری یە زانراوەکانی دا دایان بمەزرێنێت و ، یاخانە نێو وەسیلەکانی تری پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکانی یەوە .

بۆ نموونە ، ئەگەر منالێك وێنەی مرۆڤێکی کێشاو ، دەست و پەنجەی نەبو ، ئەوا هەڵەیەك دەکەین ، گەر پێی ی بڵێین دەست و پەنجەی بۆ بکە ، بەڵکو پێویستە ، ئەو کەم و کوڕی یەی لە دوو توێ ی چەند زانیاری و پێداویستی یەکەوە بۆ دەست نیشان بکەین ، کە پێشتر منالەکە دەیانناسێتەوە ، بۆ نموونە —— ئەگەر لەوێنەی منالێکدا دیمان مرۆڤێك دەست و پەنجەی نی یە ، ئەوا پێویست ناکات ڕاستەوخۆ بەسەر منالەکەیدا بسەپێنین کە دەست و پەنجەی بۆ بنەخشێنێ ، بەڵکو ڕاستر وەهایە کە بە منالەکە بڵێین : کاتێ خۆی نان دەخوات ، بەچی کەوچکەکە دەبات بۆ دەمی ، هەڵبەتە وەڵامی منالەکە (بەدەستم) دەبێت ،



وکاتە ئێمەش پێی دەڵێین : کەواتە ئەو کەسەی وێنەت کێشاوە نان ناخوات چونکە دەستی نی یە .
ونەی تری وەها زۆرن ، گرنگ ئەوەیە تا کە ووشە زمانەوانی یە نوێیەکان ، لە ڕێگای سەپاندنەوە فێری
نالەکان نەکەین .

## ە پێشانگەی منالأنی سلێمانی :

بە دڵنیاییەوە دەڵێین ، سەرجەمی ئەو ڕایانەی پێشتر باسمان لێوەکرد ، لە پێشانگەی منالأنی
سلێمانیدا رەنگی دابۆوەو ، ئەو تابلۆیانەی پێشکەشیان کردبوو ، بریتی بوون لە هەوڵ و کۆششێکی بێ
ەندازەی منالأنێك کە دوا ڕۆژێکی هونەری بە پێیان لێ چاوەڕوان دەکرێ ، ئەگەر بوارو ژینگەیەکی
ونەری بەردەوامیان بۆ بڕەخسێنرێ و ئەو ئەزموون و ڕێنومایی یانەی ئێستا مامۆستا «نوری ئیسماعیل»
ێشکەشیان دەکات نەپچرێت .

لەدوا پێشانگەی منالأنی سلێمانی کە لە شاری هەولێر سازدرا ، (٢٣١) منال بەشدار بوون کە تەمەنیان
ە نێوان (٢ سال تا ١٤ سال) بوو ، قوتابی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی یە جیا جیاکانی سلێمانی بوون ،
رهەمەکانیان تێکەڵێك بوو لە بەکارهێنانی کەرەستە جیا جیاکانی وێنە کێشان ، هەر لە باستیل و ڕەنگی
وی و پۆستەرو تالە خوری و کاغەزو قوری ڕەنگاو ڕەنگ .

شایانی باسە منالأنی قوتابخانەی بۆتانی سەرچنار زۆرترین بەشیان لە پێشانگەکە هەبوو ،
رهەمەکانیان کاریگەری ژینگەکەیانی پێوە دیار بوو ، بەتایبەتی سروشت و کارگەو تێکچڕی خانوو
ەرەکان ، هەر بۆیە بۆ نمونە ڕەنگی شین و خۆڵەمێشی لە زۆربەی بەرهەمەکانیاندا بەکارهێنرا بوون کە
ڕەنگی جل و بەرگی باوکە کرێکارەکانیانە ، هەروەها ڕاوە ماسی و گەشت و گوزاریش لەو بابەتە دیارانە
بوون لە بەرهەمەکانیاندا ، بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بە جۆرێك لە جۆرەکان بابەتی
وێنەکانیان نەختێك دوور بوو لە ژیانی ساکارو یاری یە سادەکانی خۆیانەوە ، بەواتایەکی تر دەڵێین ، بووی
مامۆستاو سەرپەرشتکار زۆر پێویستە بۆ ئەوەی پەرە بە توانای منالەکە بدات و تاکە ووشە زمانەوانی و
وێنەیی یەکانی لەلا زیاد بکات و لە ئەنجامدا منالەکە دەست و پەنجەی تووندو تۆل بێت و پێوانەی قەبارەی
ئەندامەکان بزانێت و دووری یەکان جوودا بکاتەوەو دەرکیان پێ بکات ، جێی هەر یەکە لە ئەندامەکانی
لەشی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تر بە گوێرەی یەکترەوە دەست نیشان بکات ، هێل و فیگەرەکان بە
شێوەیەکی دروست تر دابمەزرێنێت و ڕەنگەکان لێك ترێك بکاتەوە ، بەڵام پێویست ناکات مامۆستا
بابەتی وێنەکانیان بۆ دیاری بکات وەیا بۆیان هەڵبژێرێت ، جا وەهای بەباش دەزانین کە لەم لایەنەوە .
منالأن خۆیان بابەتەکانیان هەڵبژێرن ، چونکە لەرێی ئەو بابەتانەوە مەسەلە گرنگ و کاریگەرەکانی ژیانی
منالەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێت ، کە ئەمەش یارمەتی یەکی زۆرمان دەدات بۆ زانینی توانا عەقلی یەکەی
منال و بیرکردنەوەی لە دەوروبەرو ویست و ئارەزووەکانی و ئەو شتانەی بەسلی کاری تێ دەکەن . ئەم
دەست نیشان کردنەشم تەنیا سەرنجێکەو بەسەر گشت بەرهەمەکاندا نایسەپێنم .

بەراستی منالأنی سلێمانی هەر لە حەفتاکانەوە ڕۆڵێکی مەزنیان بینیوە بۆ ناساندنی میللەتەکەیان لە ناووو
دەرەوەی وولاتداو نوێنەرێکی ڕاستەقینەی هونەری کورد بوون ، ئەوەش بەو بەشداری کردنە
هونەری یانەیان لە پێشانگە عێراقی و عەرەبی و جیهانی یەکاندا . بەشێکی مەزن لەم ڕاستی یەش دەگەڕێتەوە
بۆ کۆشش بێ وچانی مامۆستا (نوری) .

منالأنی سلێمانی لە سەرانسەری ئەو بەشداری یانەدا بە خەلأتی گەورەوە ڕووی خۆیان و میللەتەکەشیان
سپی کردووە ئێستا خاوەنی دەیان میدالیای زێڕین و زیوی و برۆنزین ، دەیان بڕوانامەی هونەری یان لە
دیواری دڵ و دەروونی خۆیان و میللەتەکەشیاندا هەڵواسیوە .





• بیلیۆگرافیایەکی کورتی بەشداری‌یە هونەری‌یەکانیان :

– دویان پیشانگەی هاوبەش لە سەرانسەری وولاتدا .
– لە بابان ئەم بەشداری‌یە هونەری‌یانەیان کردووە :
«پیشانگەی جیهانی وێنەی منالآن ١٩٧٦ – پیشانگەی چواردەمینی وێنەی منلآن ١٩٨٥ – سێیەم
شانگەی جیهانی هونەری منالآن ١٩٨٥ – پێشبرکێی وێنەی منالآنی جیهان لە قەناتی چوارەمی
لەفزیۆنی طوکیۆ ١٩٨٥ – پیشانگەی پێشبرکێی وێنەی منالآنی جیهان لە تەلەفزیۆنی یاپانی‌دا ١٩٨٧» .
– لە تورکیا (پیشانگەی یەکەم پێشبرکێی ئەناتورکی نێو دەوڵەتان – پێشبرکێی وڵاتە
سلامی‌یەکان ١٩٨٤) .
– لە ئیسپانیا بەشداری پیشانگەی پێشبرەکێی نێو دەوڵەتانی وێنەی منالآنیان کردووە لە ١٩٨٥ .
– لە کۆریا بەشداری پیشانگەی سیئۆلی نێو دەوڵەتانی وێنەی منالآنیان کردووە لە ١٩٨٥ .
– لە هندستان بەشداری پیشانگەی (شانکەر)ی نێو دەوڵەتانی وێنەی منالآنیان کردووە لە ١٩٨٦ .
– لە هەنگاریا بەشداری پیشانگەی جیهانی هونەری منالآنیان کردووە لە ١٩٨٦ .
– لە کوێت بەشداری پیشانگەی چوارەمی عەرەبی‌یان کردووە لە ١٩٨٦ .
– لە فەرەنسدا بەشداری پیشانگەی منالآنی بەهرەمەندیان کردووە لە ١٩٨٦ .
سەرفرازی‌و بەردەوامی بۆ ئەو منالە چست‌و چالاکانەو رێزو ستایشمان بۆ هەموو منالآنی سلێمانی
گشتی‌و بۆ (کارزان جەلال مەجیدو لوقمان رشید ، تارا کەمال ، شەوق کەمال‌و سیروان حەمە
صالح ....) رێزی تایبەتیمان هەیە . رێزو ستایش بۆ مامۆستا نوری ئیسماعیل .

# هونـــەری

ئامادەکردنی : رزگار صالح

«فۆتۆگراف» ووشەیەکی یۆنانی‌یەوله دوو ووشەی «Photos» کە «تیشك» ەو
ووشەی «Graphos» کە «کێشانە» ، هاتووە... و پێکەوە ماناکەی ئەبێتە «بەتیشك
کێشان» ، و ئەتوانین پێ‌ی بڵێین «وێنە تیشك» .

**سەرهەڵدان‌و گەشەسەندنی فۆتۆگراف : –**

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا – لەساڵی ١٨٢٦دا – زانای **ئارەزوومەند**
فەرەنسی «جوزیف نیسیفۆر نیپس»[1] چەند تاقی‌کردنەوەیەکی لەم بارەیەوە، **ئەنجامدا**
تاوەکو لەبەیانیەکی زووی هەمان ساڵدا دوایەمین تاقی کردنەوەی بەجێ هێنا...

لەوحێکی داڕێژراوی هێناو ڕوویەکی لەقەترانی «جیۆدیا» هەڵکێشاو لە پشت
«عەدەسەی» ئەوکامێرا ساکارەی هەیبوو . دایناو پاشان کامێراکەی لەسەر ڕەفەی ئ
پەنجەرەیەی کەئەڕوانیە سەر باخچەی ماڵەکەی . دامەزراندو بەرەو باخچەکە ئاراستە
کردو ئەو ڕۆژە تائێوارە جێ‌ی هێلا . ئێوارە کە گەڕایەوە ، لەوحەکەی لابردو . کە ڕوان
لەوحەکە.. گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کاتێ تیشك ئەکەوێتە سەر لەوحەکە ، قەترانەکە ڕە
دەبێ‌و سپی هەڵدەگەڕێ . و بەپێچەوانەشەوە ئەگەر تیشك بەری نەکەوێ هەروا بەتەڕ
ئەمێنێتەوەو پاشان بۆی دەرکەوت ئەو قەترانەی بەتەڕی ماوەتەوەو تیشکی بەرنەکەوتوو
ئەتوانێ بە هۆی ڕۆنی ڕێحانە کێویلەوە لای بەرێ...

بەو جۆرە یەکەمین وێنەی تیشکی‌ی – بەهۆی کامێراوە – گیراکە بریتی بوو لەوێنەی
دیمەنێکی سروشتی.. «وەك لە وێنەی «١»دا پیشان دراوە»

جا هەر چەندە وێنەکەش تەڵخەو شێواوەو ئاشکرانی‌یە.. بەڵام بوو بە دەروازەیەکی
ئاوەڵای فراوان لەبەردەم ئاوات‌و مەبەسەربوونی پێویستی‌یەکانی مرۆڤداو ڕۆڵێکی گەورەی
بینی لە مێژووی مرۆڤ‌و خزمەتی مرۆڤایەتی‌دا...

ئیتر لەو ڕۆژەوە «فۆتۆگراف» لەسەر دەستی دەستەیەك پیشەمەندو[3]
ئارەزوومەندا[4] گەشەی سەندو سەرەڕای ئەوەی هەندێکیان هاتن‌و چوون‌و وازیان
هێنا ، بەڵام بە جۆرێك بوو بووە خولیای خەڵکەکەو هەروا مایەوەو لە ناونەچوو..

«نیپس» یەکەم وێنەی گرت... بەڵام یەکەم ڕێگەی پراکتیکی‌و لەبار کەهات
گۆڕی ، دوای مردنی ئەم بوو بە شەش ساڵ ، ئەویش لە ڕێ‌ی «لویس ماندی
داگیر»[5] ی‌یەوە بوو ، کە زۆربەی وێنەکانی لەسەر لەوحەی زیوین‌و لە چوارچێوەی